






# ستایلەکان بۆ جوانی و رازاوەیی قژ

تایبەتمەندی و جوانی تەسریحەکانی قژ بە چەندین لایەنی گرنگدا دەردەکەون، بەم هۆیەش گرنگی و جوانی تەسریحەکانی قژی خانمان یەکێکە لە جوانییەکانی تایبەت بە خانمان، بوونی تەسریحەکان لەگەڵ ئەوەی جوانییەکی کراوەی دەبێ، بەمەش دەبێ یەکێك لە ستایلەکانی تەسریحەی پێبدرێ تاوەکو لە نزیکەوە بە جوانییەکی کراوە دەربکەوێ. جۆراوجۆری تەسریحەکان خانمان تووشی دوو دڵی دەکەن لەوەی چ جۆرە تەسریحەیەك هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لەگەڵ ستایلی قژ و جوانی مۆدەکانیان بگونجێ، دەبێ یەکێك لە تەسریحەکان دەست نیشان بکەن و ئامادەی بکەن تاوەکو لەگەڵ شێوەی قژیان دابنێن، دانانی چەند تەلێکی نیگرۆ

## جوانی ئیلەگ و ک



## مۆدەی نینۆکە دەستکردەکان





جوانکاری نینۆکەکان یەکێکە لە ئەرکە قورسەکان کە خانمان دەبێ گرنگی پێ بدەن، تەنانەت دەبێ لە رێگەی کاری جوانکاری و بۆیە کردن ماندووبوونێکی زۆر بکێشن بۆ ئەوەی نینۆکەکان بە جوانی دەربکەون، بۆیە یەکێك لە کارە گرنگەکانە تاوەکو گشت خانمێك بە دانانی ستایلێکی تایبەت و جوان بۆ نینۆکەکان دابنێ، بەڵام رێگەی دیکەش هەن کە خانمان بیگرنە بەر.

رێگەی دیکە بریتییە لە دانانی نینۆکە دەستکردەکان، ئەمەش وەك رێگەیەکی تایبەت و ئامادەکراو لە هەر ستایلێکی تایبەت و جوان بێ، کە گشت خانمان دەتوانن جوانییەکی گەورە دروست بکەن بۆ نینۆکەکانیان، بەمەش دەتوانین سوود وەربگرین لەم جۆرە نینۆکە دەستکردانە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی نەخشێکی جوان و ناسك بۆ نینۆکەکان شێوەیەکی جوان و رازاوەی دەبێ.






کراو بۆ قژەکان دەبێتە یەکێك لە ناسکترین مۆدەکان، بە تایبەت ئەگەر مۆدەی قژەکە کلۆش یان کاریٚ بیٚ، بۆیە دانانی شێوەی تەسـریحەکان لە ڕێگەی ئامادەکاری بۆ جوانی و ناسکی لە قژدا دەردەکەویٚ.

## ـــــــراسە کورتەکان

جوانـی وەرزی بەهـار پێویسـتی بە جلوبەرگە ناسك و جوانەکان دەبیٚ، لەگەڵ ئەوەشـدا دەبیٚ جلەکان شایستەی جوانی و ڕازاوەیی لەگـەڵ مۆدەکان بن، لە ڕێگەی ئەم هەنگاوەشدا چەندین جۆرە مۆدە هەن کە لەگەڵ شێوازی ئەم جلوبەرگانە دەردەکەون، یەکێك لە جلە ناسکەکان بریتییە لە ئیلەگ و کورتە کراسـەکان ئەمەش بۆ جوانکردنی بەشی سـەرەوەی جەستەی خانمان. جلی لەم جۆرە لەگەڵ گشـت جۆرە جلێکی دیکە دەگونجـیٚ، چونکە جوانییەکی ناسـکی هەیە، بەمـەش وادەکات ئەو جلانەی لەگەڵیاندا دەپۆشـرێن شێوەیەکی بەرچاو و سـەرنجڕاکێش دەربخەن، چونکە جوانییەکـی گـەورە دەبەخشـن، بەهۆی ئەوەی جوانی ئەو جلانە لە شـێوە ناسـك و گونجاندنیـان دەردەکەون، کاتێك لەگەڵ بۆدی یان جلی دیکە دەپۆشرێن.





# ئێکسسوارە ناسکەکانی قاچ

چەندین جۆرە ئێکسسوار هەن، هەندێکیان بۆ جەسـتە و ئەوانەی دیکەش بۆ بەشـی دیکـە بەکاردەهێنرێـن، هـەر یەکە بەپیٚ گرنگی خۆی جوانییەکی گەورە دەبەخشیٚ، لێرەدا دەبیٚ ئاگاداری ئێکسسوارەکان بین کە چۆن بەکاردەهێنرێن و جوانی و شـێوەیەکی ناسکیش ببەخشن، یەکێك لەو ئێکسسوارانە بریتییە لە ئێکسسواری پیٚ یان سەر قاچ، کە ئەمـەش یەکێکە لە مـۆدە تازەکانی ئێکسسوار. ئەم جۆرە ئێکسسوارە پیٚ جوان دەکات، زیاتریش گونجاندن دروست دەکات لـە نێوان ڕەنگی پێسـت لەگـەڵ قاچ و پێڵاوەکان، ئەمەش مەرجێکی سەرەکی هەیە کە دەبیٚ لەگەڵ ڕەنگی پێڵاوەکە بگونجیٚ، بەمەش دەتوانـیٚ جوانییەکی ڕازاوە بە قاچی خانمان بدات، بە تایبەت ئەم ئێکسسـوارە بۆ وەرزی بەهار و هاویـن بەکاردەهێنـریٚ و جوانییەکی بەرچاو و ناسکی هەیـە، ئەمەش بـۆ زیاتر جوانـی و ڕازاوەیی قاچ بەکاردەهێنرێت.




# ئێکسسوار و قردێلەکانی بەستن و جوانکاری پەردە

کاری جوانکاری بۆ ماڵەکان هەنگاوێکی پێویسـتە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر شێوازێکی تازەی ماڵدا ڕێگـەی جوانکردن و گرنگی دان بگرینەبەر، خانمـان دەبیٚ زیاتر بیر لەو لایانـە بکەنەوە کە لە دیکـۆری ماڵەکاندا جێگەی جوانییان بەرچاو و دیارە، لە کاتێکدا شێوەی دیکۆرەکان پێویستییان بە کاری تازە و نویٚ دەبـیٚ، یەکێك لەو بەشـە گرنگانە بریتییە لە (ئێکسسوار و قردێلەکانی پەردەی پەنجەرەکان).

ئەمەش وەك یەکێك لە بەشە گرنگەکان بۆ جوانی زیاتر، لەگەڵ ئەوەی کاری بەسـتی پەردەکان دەکات، بۆیە دەبیٚ شێوەیەکی بەرچاو و جوانی هەبیٚ، چونکە لە دوورەوە دەردەکەویٚ و شیاوی جوانییەکی گەورەی هەیە. بەمەش دەبـیٚ ئاگادار بین لـەوەی چ جۆرە قردێلە یان ئێکسسـوارێکی بۆ هەڵدەبژێرین تاوەکو لەگەڵ جوانی و ڕەنگی پەردەکەش بگونجیٚ، هەروەها دەکریٚ بە چەندین شێواز ببەستریٚ و یان چەندین ڕەنگ لە خۆ بگریٚ.







# (فیل)یش جمکی دەبێ!



جمکـــەکان وەك دیاردەیەکی لە دایك بوون لە مـــرۆڤ و گیانداران روودەدەن، کەچی لە هەندێك گیانداران ئەو لایەنە بەدی ناکرێ و دەرناکەوێ، نموونە وەك گیانداری فیل، کە یەکێکە لە گیاندارە گەورەکان، تەنانەت دەتوانێ بە ئاســـتەم بێچووێکـــی ببـــێ، بۆیە ناکـــرێ دوو بێچووی جمك هەڵبگرێ بەهۆی ئەوەی بێچووی فیل کێشی زۆرە و رەنگە تووشی کاری ترسناك ببێتەوە یان ببێتە نەخۆشی و بارێکی گران لە ســـگی فیلەکە. لە وڵاتـــی تایلاند فیلێکـــی تەمەن (٣٥) ساڵ، دوای ئەوەی ئاوس دەبێ، کەسیش هەستی بەوە نەدەکرد جمکی لە سگدایە، بەڵام لە دوای دانانی بێچووەکان، جمکە بێچووێکـــی دەبێ. ئەمەش دەبێتە دووەم حاڵەت لە جیهان لە دوای (١٥) ســـاڵ کە گیانداری فیل جمکی ببێ.



# نەحت و پەیکەرەکان لە چی دروست دەکرێن

کارە سەیرەکان رۆژانە لە داهێنانی تازە و شـــتی نوێدا دەردەکەون، ئەمەش بەهۆی ئەو بیرۆکە سەیرانەیە کاتێك دەکەوێتە بەر مێشکی ئەو کەســـانەی کارە سەیرەکان بە ئەنجـــام دەگەیەنن، ئەوەی دەیبینن بریتییە لـــە چەند پەیکەرێك یان چەند شـــێوەیەك کە بە نەحت ناســـراوە لـــە بواری هونەری وێنەکێشان، لە ماددەیەك دروست کراوە کەس بیری بۆ ناچێ کە چ جۆرە ماددەیەکە.

ئـــەم ماددەیـــەی لێـــوەی بەکارهێنراوە بریتییە لە (پەنیـــر)، کە یەکێکە لە خۆشترین خواردنی بەیانیان، لە وڵاتی فەرەنسا، وادیارە پەنیـــر زۆرە بۆیـــە لە کاری وێنەکێشانیشـــدا بەکاردێنـــن، ئەمـــەش بیرۆکەیەکـــە کاتێـــك برسی بووی بۆت هەیە ئـــەو وێنـــە و نەحاتە نۆشی گیانت بکەی!





# گەنجێک سەرینەکەی خۆی دەخوازێ!

ئەوانەی بیر لە شتە ســـەیرەکان دەکەنەوە بە حاڵەتێکی سەیر و ســـەمەرە لەلای ئێمە دەردەکەوێن، تەنانەت بیرۆکەکان وەك کارێکی شـــێتانە دادەنرێن، دەبێ گەنجەکان ژن بهێنن یان هاوسەرگیری پێکبهێنن، بەڵام نەوەك وەکو ئەو گەنجە سەر شێتەی وڵاتی ژاپۆن بکەن، چونکە ئەو گەنجە هەڵســـاوە بە دۆزینەوەی کچێکی شـــۆخ و جوان، ئـــەو کچەش ناوی (سەرین)ە.

ئەو سەرینەی گشت کەسێك لە ژێر سەری دادەنێ بۆ ئەوەی بخەوێ، ئەو گەنجە ناوی (لـــی جـــن)ە و تەمەنی ٢٨ ســـاڵە، دوای ئەوەی ســـەرینەکەی خۆی زۆر خۆشدەوێ بۆیە بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵدا دەدات، بەپێ یاســـا لەو وڵاتە ئاساییە مرۆڤ هەر کەسێك یان هەر شتێکی بیەوێ، بۆی هەیە بیخوازێ، ئەویش هەڵســـاوە بە پۆشـــینی جلێکـــی بووکانە لە ســـەرینەکەی خۆی و بەمـــەش کردوویەتی بە هاوســـەری خۆی، تەنانەت بۆ گشت شوێنێکی دەبات.







# ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا

کاتێك مرۆڤ لە دایك دەبێ تووشی چەندین کێشەی جەستەیی یان جینییەکان دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات لە داهاتوودا تەندرووستی ئەو مرۆڤانە جێگیر نەبێ یان بە جۆرێك بێ جێگەی چارەسەری نەبێ، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دوای ئەوەی جمکە منداڵێك لە دایك دەبن، هەردووکیان جەستەیان بەیەکەوەیە لە پێشەوە، تەنیا لە سینگ و سگیان بەشدارن لە جەستەی یەکتر.

ئێما و تایلۆر، ئەو دوو کچەن کە جەستەیان بەیەکەوەیە، ئەوەی سەیر بێ بە هەردووکیان تەنیا (١) دڵ و جەرگیان هەیە، ئەوەی جێگەی سەیرترە ئەوەیە کە چارەسەریان لەو تەمەنەیاندا ئاستەمە، چونکە دەبێ دووبارە دڵێك بۆ ئەوەی دیکە بچێنرێتەوە ئەمەش مەترسی لەسەر گیانیان دروست دەکات.







## ئەمە کەروێشکە یان مەڕە

هەندێك لە گیاندارەکان جەستەیان بەشێوازێکی ناوازە گەورە دەبێ، بەمەش وادەکات ببێتە ئەو گیاندارەی کە لە شێوە و قەبارەی ئاسایی خۆی جیاوازی هەبێ، ئەوەی دەیبینن گیاندارێکی خۆشەویستە کە شێوەیەکی بچووك و دوو گوێ درێژی هەیە.

ئەمەش گیانداری کەروێشکە، بەڵام ئەو کەروێشکە بەقەد مەڕێك دەبێ، نەوەك کەروێشکێکی بچووك و ناسك بێ، لە وڵاتی ئیرلەندا ئەم کەروێشکە لە کێڵگەیەکی تایبەت گەشەی کردووە، کێشی ئێستای نزیکەی (٢٦) کیلۆیە، کەچی کێشی هاوتەمەنەکانی تەنیا حەوت کیلۆیە، ئەمەش وادەکات کێشی ئەو کەروێشکە (٣) ئەوەندەی کەروێشکێکی ئاسایی بێ.



## شاری رووناکی گەڕۆك!

ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە سەیرترین ئۆتۆمبێلەکان، کە بە جۆرێك وەك شوێنەکانی کەمالیات و دووکانەکانی شەربەت رازاوەتەوە، ئەمەش یەکێکە لە بیرۆکە سەیرەکان کاتێك شەوانە ئۆتۆمبێلێکی لەم جۆرە ببینی وادەزانی شارێکە بەرەو رووت دێت، ئەو ئۆتۆمبێلە سەرتاپای لە گڵۆپی کارەبایی دانراوە، ئەگەر یەکێك بیر لەو لایەنە بکاتەوە دەڵێ چۆن کارەبای ئۆتۆمبێلەکە بەشی ئەوەندە گڵۆپە دەکات! بەڵام کە سەیری دواوەی ئەو ئۆتۆمبێلە بکەین، مۆلیدەیەکی گەورە دەبینن کە کارەبا بەم کۆمەڵە گڵۆپە دەدات لە جیاتی ئەوەی لە کارەبای ئۆتۆمبێلەکە رابکێشرێ، تەنانەت گڵۆپەکان بە کارەبا کار دەکەن نەوەك بە هێزی ئۆتۆمبێل، بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین ئۆتۆمبێلەکانی جیهان.





# چەتر بۆ پێڵاوەکان

مۆدەی پێڵاوە سەیرەکان بە چەندین شێوازی سەیر و جوان دەردەکەون، تەنانەت دەبێتە یەکێك لە مۆدە سەیرەکان کە ببێتە کەرەستەیەك بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت جۆرە دیمەنێك بگونجێ، پێڵاوی لەم جۆرە بۆ ژێر باران بارین کراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی پێڵاوەکە تەڕ نەبێ و پارێزراو بێ لە ئاوی باران.

لە وڵاتی کۆریا بەهۆی زۆری باران بارین، سەیرترین جۆرە پێڵاویان دروست کردووە، پێڵاوی لەم جۆرە زیاتر بۆ خانمان دەبێ، چونکە پێڵاوی خانمان پێشەوەی کراوەیە، بەمەش چەترێکی تایبەتیان داناوە لە سەرەوەی پێڵاوەکە، بۆ ئەوەی باران بگەڕێنێتەوە و نەهێڵێ پێڵاوەکە تەڕ بێت، ئەمەش بیرۆکەیەکی تازەیە بۆ ئەوەی بە جوانترین شێواز دروست بکرێ و سوودی هەبێ لە کاتی باران بارین.

# ئەم پیاوە زیاتر لە نیوسەدەیە مووی کورت نەکردۆتەوە


ماوەیەك بەر لە ئێستا باسی ئەو پیاوەمان کرد کە خاوەن درێژترین سمێڵ بوو، کەچی وادیارە ئەوانەی قژ و سمێڵیان درێژ دەکەن ژمارەیان زۆرە و کاری لەم جۆرە پێویستی بە کات و ماوەیەکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی قژ یان سمێڵ درێژ بێ، بەڵام لەلای ئەو پیاوە چاوەڕوانییەکی زۆری کردووە تاوەکو قژی بەم جۆرە بگات.

لە وڵاتی فلیپین پیاوێك بە ناوی (سانجانا)یە، نزیکەی (٥١) ساڵە قژی نەبڕیوە، ئێستا قژی وەك خوری مەڕی لێهاتووە، بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین قژ لە جیهان، قژی لەدواوە وەك تۆپەڵەیەکی لێهاتووە، درێژی ئێستای قژی دەگاتە (٤) مەتر و بە (٣) کەس بۆ شووشتن و پاککردنەوە هەڵیدەگرن.









# برسی لەکەس ناپرسی!

وەکو دەڵێن (برسێتی کوێرە و کەس ناناسێ)، بەڵام وادیارە ئەو وتەیە راستە و نموونەشی هەیە، لە وڵاتی زیمبابوێ لە کیشوەری ئەفریقیا، خەڵکی ئەو وڵاتە بەهۆی برسێتی دەناڵێنن و تەنانەت هەرچی بکەوێتە بەردەمیان دەیخۆن، بەم دواییە بەهۆی نەبوونی خواردن، گۆشتی گیاندارە مردووەکانیان دەخوارد، ئەمەش وەك ناچارییەك بۆ ئەوەی لە برسێتی رزگار بن، بەمەش وا لە خەڵك دەکات هەر جۆرە خواردنێك بکەوێتە بەردەمیان دەیخۆن.

مانگێك بەر لە ئێستا فیلێك بەهۆی نەخۆشی مردبوو، ئەمەش بووە خواردنێکی زۆر و بەتام بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە کە بە (شیارا) ناسراوە، وەك لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن فیلەکە لە ماوەی تەنیا چەند کاتژمێرێك لە فیلێکی گەورە دەبێتە تەنیا ئێسقان، ئەوەیە برسێتی لە کەس ناپرسی!







# کەلـوەکان




## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئاگات لە باری تەندروستی خۆت بێت، خەم وئازارەکانی رابردوو لە بیردەکەی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکە، ئەوساتەی هەست بەنائارامی دەکەی پێویستیت بەیارمەتی هاورێیەکەتە بۆیارمەتیدانت، هەولەکانت بۆ بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی دووبارە بکەرەوە.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسـێکی حەزبـە دلتەنگـی ناکەی، بەڵام بۆ بە دەسـتهێنانی خۆشـی دەبێت هەندێك ئازار بچێژی، بورجەکەت دەخوازێـت بریار لە خۆتەوە نەدەی هەروەها دەسـت بلاوی مەکـە، ئایندەیەکی گەش لە چاوەروانتدایە



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە هەسـتی کەسی بەرامبەرت بگە،کەسـێکی تـورەی لـە قسەکردن پێویستیت بە گەشتێکە ئەنجامی بدەی، متمانەت بەخۆت هەبێت لە رێگەی مۆبایلەوە پەیوەندیەکی خۆشت بۆدێت، گومانت لە کەسێك نەبێت کەدەیەوێ لێت نزیك بێتەوە.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

رێگەی تازە بدۆزەرەوە بۆ ئەنجام دانی کارەکانت، هەموو کەسـێك خەم دەخـوات بەڵام کەس وەکو تۆ ناکات، گرنگی بدە بە لایەنی دەروونیت خۆت مەخەرە نێو گێژاوی دەریای خەم، دڵ فراوان بە لە رەخنە مەترسە.



## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

هێمـن و لە سـەرخۆبە لە هەنگاوەکانت، هـەوڵ بدە لە سەرەتای ساڵەوە پەیوەندییە کۆمەلایەتی و سۆزدارییەکانت بەهێز بکەی، خـۆت مەخەرە نێوکێشـەی کەسـانی تـر. بەلێنێك مـەدە کە پێت جێبەجێ نابێ.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بورجەکەت مژدەی زۆری لە لایە، هەوڵبدە خۆت لەکاروباری خەڵك هەلنەقورتینـی، نهێنی تایبەتی خۆت لای هەموو کەسێك ئاشکرا مەکە، کەسـێکی تازە دەناسـیت و دەبیتە کەسێکی نزیکت، خەریکە لە دەست خەمێکی بچوك بکەویتە کێشەیەکی گەورەتر.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەوکەسـەی هەسـتی پێ دەکەی ئەویش هەسـت بە تـۆ دەکات، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خـۆت هاورێکانت پشتگوێ مەخە، ئەم ماوەی رابردوت بە ناخۆشی بردەسەر لەگەڵ ئەوەی کەسێکی دڵ ساف وراستگۆی.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەوەندە متمانەت بە خۆت نەبیت چونکە توشی گرفتی زۆر دەبیت، کەسێکی سادەی لە بیرکردنەوە هەوڵدە پەیوەندییەکانت توندوتۆڵتر بکەی، کەسـێکی خۆشەویسـتی دەوروبەرکەت هەمیشـە لێت رازین بەڵام ئەوخەمەی هەتە کارنەکاتە چالاکییەکانت.




## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەنـدێ کات تەرخـان بکە بۆخۆشەویستەکەت، هەوڵبدە خـۆت لـە بازنـەی خـەم دووربکەویتـەوە، ئـاگات لە خۆت بێت کەسێك چاودێریت دەکات، لە کارەکانت سەرنجی بەرێوەبەرکەت رادەکیشی، بەڵام وریا و لەسەرخۆبە.



## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە هەنگاوی خۆشەویسـتەکەت چاوکراوەبـە، لەگەڵ هاورێکانت مامەڵـەت خۆشـتربکە و دووربکەرەوە لە قسـەی زیاد، ماوەیەکە هەسـت بە دڵتەنگی دەکـەی بـەڵام زوو دەڕوات، کەسێکی کراوەی بۆیە بەکراوەیی لە ژیان بڕوانە



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەوماوەیـە بـاری داراییـت بەرەوخراپـی دەڕوات، خاڵـە لاوازەکانـت وات لـێ نەکات کـە هەڵـەی گـەورە بکەی، لـە رێگەیەکـی ترەوە لـە خۆشەویسـتەکەت نزیك بـەرەوە، ماوەیەکـی زۆرت لە پێشـە بۆپیداچوونەوە بەپرۆژەکانت.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

سـەرقالیت بێ تاقەتـی کردووی پێویسـتە گەشـتێك ئەنجام بدەی، ئێسـتاکە لـە هەمووکاتێـك زیاتر پێویستیت بە پەیوەندی خۆشەویستی هەیـە بۆیە پەلە بکـە، گرنگی مەدە بەقسـەی کەسانی دەوروبەر، بە مۆبایل هاورێیەکی دوور پەیوەندیت پێوەدەکات ودڵت شاد دەبێت.

ئا/ هێمن قـەسرەیی
hemntoni@yahoo.com





# چوارخوشکە جمکەکە هەر بەیەکەوەن

بیسـت و یەك سـاڵ پێش ئێستا چوار کچی جمك لە وڵاتـی کوریا لەدایك دەبن، شـێوەی چوار کچەکان وەکـو یەکن، دوای ئەوەی هەر چواریان گـەورە دەبن بەیەکەوە خوێنـدن تەواو دەکەن و دەبـن بە یاریدەری پزیشك لە نەخۆشخانەیەکی ئەو وڵاتە.

ئـەو چـوار کچـە ناویان (سـیونگ – میونگ – شـیونگ – هیونگ)، کە هەر چواریان بەیەکەوە لە دایك بوونە و تەنیا چەنـد چرکەیەك جیاوازی هەیە لە نێوانیان، کەچی ئەمڕۆش بە خۆشـیەوە هەر چواریان لەگـەڵ یەکتر کاردەکەن لـە هەمان بەش و نەخۆشـخانەدا. بەمەش دەبن بە سـەیرترین چوار نوشداری جمك کە پێکەوە کار دەکەن!





